# نازێ عەزیزی: هونەر دەرد و دەرمانی منە

تا/ بەهرە سدیق

خاتوو نازی عەزیزی لە باشووری کوردستان درێژە بە هونەری خۆی دەدات، راستە خۆی خاوەن توانا و بەهرەیەکی هونەری بەرزە، بەڵام بوونی لەم پارچە ئازادەی کوردســـتان بووە هۆی پەرەپێدان و زیاتر دەرکەوتنی هونەرەکەی، لەلایەن ئوســـتادانی گەورەی ئێران خوێندنـــی مەقامـــی تەواو کردووە و زۆریش حـــەز بەخوێنەری مەقامی تازەو تایبەت بەخـــۆی دەکات، خاوەنی دەنگێکی خۆش و هەستێکی جوانە، هونەر بۆ ئەو بووەتە بەشێکی سەرەکی ژیانی کە ناتوانێت لێی جیا بێتەوە، نازێ عەزیزی لە بەسەرکردنەوەیەکیدا بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

*** بیســـتوومانە گوایە نازێ خان ناتوانێ بێ هونەر بژی و لەهەمان کاتیشدا بەهونەریشەوە ناژی؟**

- راســـتە هونەر هەم دەرد و هەم دەرمانمە، تەنها شـــتێك کە دەردەکانم دەرمان دەکات هونەرەکەیـــە، دیســـان دەردی تازەم بۆ ســـاز دەکات و دەهێنێتە بوون و تیماریشی دەکات.

*** ماوەیـــەك خەریکی هاتوچۆ بووی لەنێـــوان هەولێرو دهۆك بۆ ئەنجامدانی کاری هونەری ئێستا خەریکی چیت؟**

- بڕیـــار بوو دوو کار ئەنجـــام بدەم یەکێکیان پرۆگرامێك بوو بۆ ئەوەی ڕێکلام بکەم بۆ شـــوێنێکی بازرگانـــی کە ڕێك نەکەوتین، دواتـــر خەریکی دوو کار بووم وەکو ئیش (دیزایینی باخچە و شـــتی تر)بوو،ئێســـتا لەهەولێر خەریکی بەرنامەکانم و هەفتەی رابردوو کلیپێکم تەواو کرد کە یەکێك لە گۆرانییەکانی هونەرمەندی مەزن عەلی مەردان بوو بەهاوکاری کاك زانکۆ دەسکۆ بەرێوەبەری تـــازەی چوارچرا کە مقامەکەیان بۆکردم بەکلیپ و وێنە گرتن کە بەکامێرای ســـینەمایی گیرا، و بەراستی هاوکاری زۆریان کردم، بەهاوکاری دلێر حوسێن و مسلیم و بەشـــێوەیەکی پرۆفیشناڵ کلیپەکەیان لەدەرەوەی هەولێر و ناوەوەی ئەنجام دا میوزیکەکەشـــم کۆرســـی کەناڵ بۆی کردبووم پێموایە نوێگەریەتی تێدایە لەهەفتەی داهاتوو بڵاودەبێتەوە هیوادارم ئەوکەسانەی جەماوەری منن و بینەرن بەدڵیان بێت و جێگای رەزامەندی بێت

*** دەنگی تۆ بۆ مەقام گونجاوە، تاچەند گرنگیت بە مەقام داوە؟**

-راســـت دەکەی دیارە لەســـیدی یەکەمم چەند بەیتێکی بچووکم بە مەقام وتـــوە، بەڵام لە ئاهەنگەکانم هەر بەمەقـــام گۆرانی دەڵێم، مەقام. زۆر خۆش بۆ شـــەوە ئاهەنگ بۆ کەسێکی خاوەنی هەست بێ و گوێ لە میوزیك بگرێ، بۆیە پێویستە هونەرمەند دەنگی مەقامی هەبێ ئەگەرنا ناتوانێت ئاهەنگ بگێڕی، خۆی لەخۆیدا مرۆڤ پێویستییەتی لەگەڵ خۆیدا دابنیشێ لەم کاتانەدا مەقام ئارامییەکی تایبەت دەدات بە مرۆڤ.

*** ئەم کارەی ئێستاتان مەقامی تێدایە؟**


- خەریکـــی کار کردنـــم لەســـەر مەقامـــی چەند مەقامبێژێکـــی ناوچەی گەرمیـــان و موکریان و چەندین شـــوێنی تری کوردســـتان، هەروەها خەریکـــی چڕکردنەوەی چەنـــد دانە لاوکم (لاوکـــی مریەم خان)، لـــە پرۆژەمدا هەیە ئەگەر هیچ کێشەم نەیەتە پێشێ بێگومان جێبەجێی دەکەم.

***بیرت لـــێ نەکردۆتـــەوە بەرهەمێکی تایبەتی مەقام تۆمار بکەی؟**

-وەك بەرهەم نەخێر بەکەسێکی مەقامبێژ ناســـراوم، چونکە هەر لەئێران لەلای ئوســـتادی گەورەی ئێـــران لە تاران مەقامم تەواوکـــردووە، زەمینەم هەیە دەتوانم مەقام بڵێم، بۆیە پێمخۆشـــە چەند مەقامێکی خـــۆش بەدەنگی خـــۆم تۆمار بکـــەم و لەلای چەند برادەرێکـــی میوزیکـــژەن، بـــە هۆنراوەی تایبەت بەخۆیان، ئەو مەقامانەی لەبەرنامەم داهەیە هەمـــووی تـــازەن، دەمەوێ مەقامی نوێ بڵێم.



# ڕۆژهەڵات گەشبینە بە هونەری شێوەکاری کوردی



**ڕۆژهەڵات محەمەد لە شـــاری تەورێزی ئێران لە دایکبووە، هەر لە منداڵییەوە حەزی لە وێنە کێشـــیان بووە و خەونی بەوە بینیوە ببێت بە شـــێوەکار و شێوازی ئەکادیمی کار بکات، لە ســـاڵی ٢٠٠٦ ئەو ئاواتەی هاتە دی و لە بەشی شێوەکاری کۆلێژی هونەرە جوانەکان وەرگیرا.**



**زانکۆو پەیمانگاکان ئەکادیمیانە کاری خۆیان دەکەن**

ســەبارەت بە ڕۆڵی زانکۆ و پەیمانگاکان لە پێشخستن و بەرەودان بە توانـــای قوتابیان ڕۆژهەڵات پێیوایە کە توانیویانە ئەو پەیامە بگەیەنـــن و ئەویش یەکێك بووە لەوانـــەی کە لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانـــەوە توانیی زیاتر خۆی بناســـێت وەك هونەرمەندێك و بە هاوکاری مامۆســـتا بەڕێزەکان ســـتایلێکی تایبەت بە خۆی بدۆزێتەوە و لێرەوە دەستخۆشییان لێدەکەم.

**ناتوانین تەقلیدی هونەرمەندە جیهانییەکان بکەینەوە**

ڕۆژهـــەڵات دەربارەی کاریگەر بوونی بە هونەرمەندە شـــێوەکارە جیهانییەکان دەڵـــێ: هیچ لە هونەرمەندە نـــاودارە جیهانییەکان کاریگەرییان بەسەر منەوە نەبووە، چونکە ئێمە ناتوانین تەقلیدیان بکەینەوە تەنیا دەتوانین سەرســـام بین بە کارەکانیان یان چێژێکی هونەرییان لێوەربگرین، من زیاتر بە مامۆستاکانی خۆم کاریگەرم، لـــە هونەرمەندە ناودارە جیهانییەکان مـــن زۆر چێژ لە کارەکانی ڕامبرانت وەردەگرم و زۆریش سەرســـامم بە ســـتایل و کارەکانی مامۆســـتای هونەرمەند قەرەنی جەمیل، چونکە کارەکانی زۆر جوان و سەرنجڕاکێشن.

**شێوەکارانمان توانیویانە مەزلومییەتی کورد نیشان بدەن**

سەبارەت بەوەی کە ئایا مەزلومییەتی کورد لە تابلۆ و کارەکانی شـــێوەکارانی کورددا ڕەنگی داوەتـــەوە، ڕۆژهەڵات دەڵێ: کاری هونەرمەندانـــی کـــورد مۆرکی کوردی پێوە دیـــارە و توانیویانە مەزلومییەتی کورد و مافە ڕەواکانی لە کارەکانیاندا بەرجەســـتە بکەن و بە جیهانی بگەیەنن، ئەمەش بە ئاشکرا لەو چەند ساڵەی دواییدا هەستم پێکردووە، هەروەها ئەوەی جێی خۆشحاڵییە ئێستا تێبینی ئەوە دەکرێ کە خەڵکیش تا ڕادەیەك گرنگی بە هونەری شێوەکاری دەدات و لە پێشانگاکاندا ئامادەبوونێکی بەرچاو هەیە ئەمەش جۆرێك لە گەشبینی بە ئێمەی شێوەکار دەبەخشێت.

**شێوەکاری کورد و ئافرەت**

ئافرەت بەشـــێوەیەکی گشـــتی بوونی بەهێزی هەیە لە هونەری شێوەکاریدا، ســـەبارەت بە گرنگیدانی هونەرمەندانی شێوەکاری کـــورد بە ئافـــرەت، ڕۆژهەڵات دەڵـــێ: زۆربەی شـــێوەکارانی کورد توانیویانە ئافرەت وەك ســـونبولی خەبـــات و فیداکاری و پڕ لە هەســـتی جوانی لە کارەکانیاندا نیشـــان بدەن، ئافرەت زۆر ســـەرنجڕاکێش و پڕ لە واتایە، منیش وەکو ئافرەتێکی شێوەکار و لە تابلۆکانمـــدا ئافرەتی کورد و تایبەتمەندییەکانی ڕەنگدانەوەی هەبووە، توانیومە لە تابلۆکانمدا پەیامی ئافرەتی کورد بە هەموو لایەك بگەیەنم.

**دەمەوێ پێشانگایەکەم جیاواز بێت**

ڕۆژهەڵات کە چەندین تابلۆی جوان و ســـەرنجڕاکێش هەیە و تا ئێستا لە چەند پێشانگای هاوبەش لەگەڵ هاوپۆلەکانی بەشداری کردووە، بەڵام پێشـــانگای تایبەتی نەبووە، سەبارەت بەمە دەڵێ: مـــن دەمەوێ کارێك بکەم نەك لە کاری هاوڕێکانم باشـــتر بێت، بەڵام تا ڕادەیەك جۆرێك لە جیاوازی پێوە دیار بێت و تا ماوەیەکی زۆریش بە زیندوویی بمێنێتەوە، بۆیە ئێســـتا لە هەوڵدام بۆ ئەوەی پێشانگایەکی تایبەتی لەم جۆرە بکەمەوە و کارەکانی خۆمی تێدا نمایش بکەم و بە هونەر دۆســـتانی ئاشـــنا بکەم لە هەمان کاتدا پەیامی هونەری خۆم لە ڕێگای ئەم پێشانگایەوە ڕابگەیەنم.

# دیمی مۆر داوای جیابوونەوە دەكات



جیاوازی تەمەنی نێوان دیمی مۆر و ئاشـتون كاتشـەری هاوسەری نزیكەی دە ساڵێك دەبێت، هەرچەندە زۆر كەس پێیانوابوو ئەمانە دووە هاوسـەری نموونەیین.
بەڵام بەم دواییە پێوەندی نێوان ئەم دوو هاوسـەرە ناخۆشیی تێكەوت، بەتایبەتی دوای بڵاوبوونـەوەی هەواڵی خیانەتی ئاشـتون كە وایكرد دیمـی داوای تەڵاق و جیابوونەوە بـكات، بەپێی ماڵپەڕی (گالا) هەرچەندە دیمی هەسـتی بە سەرشـۆڕی و ئیهانە كرد، سـەرەتا دەرفەتێكی دایە مێردەكەی بۆ ئەوەی بەخۆدابچێتەوە، بەڵام دواتر بۆی دەركەوتن كە هاوسـەرەكەی بەردەوام و سورە لەسەر هەڵەكانی، ئەمەش وایكرد دیمی جارێكی تر داوای تەڵاق بكاتەوە.
سـەرچاوەیەكی نزیك لە دوو هاوسـەرەكە لەم بارەیەوە گوتـی: دیمی متمانەیەكی تەواوی بە كاتشـر هەبوو، بەڵام كاتشـەر ئەو متمانەی لە دەسـتدا و خیانەتێكی گەورەی لەگەڵ دیمی كرد بۆیە هەست بە داڕووخان دەكات ئێستا پارێزەرێكی گرتووە بۆ ئەوەی راوێژی پێبكات بۆ چۆنییەتی بەدەستهێنانی تەڵاقەكەی، گرنگترین بابەت كە مۆر لەگەڵ پارێزەرەكەی باسـیان كردبێت بریتی بووە لە سەروەت و سامانەكەیان كە لەوانەیە لە دەستی بدات ئەگەر خۆی داوای تەڵاق بكات.

# شەزا حەسون: دەستگیرانم خیانەتی لێكردم



كچە گۆرانیبێژی عێراقی شـەزا حەسـون رایگەیاند كەوا خیانەتی دەسـتگیرانەكەی كاریگەرییەكی زۆری لەسەر ژیانی هەبووە و هۆكارێكی سەرەكی بوو بۆ دووركەوتنەوەی بۆ ماوەیەكی دیاریكراوە.
شـەزا زیاتر گوتی لەو شـەوەی كە من یەكەم بووم لە بەرنامەی ئەو شەوە دەستگیرانەكەم ژیانی هاوسـەری پێكهێنا لەگەڵ كچێكی دیكە، من دەمزانی خیانەتم لێدەكات، چونكە خوای گەورە بەهرەی ئەوەی پێ بەخشیوم كە بزانم لایەنی بەرامبەرم درۆ یان خیانەتم لێدەكات، لەلایەكی دیكەوە شەزا بە دووری نەزانی كە لەچك بپۆشێت، چونكە بڕوایەكی تەواوی بەوە هەیە كە لەچك زۆر پێویسـتە بۆ تەواو كردنی ئیمانی مرۆڤ، شـەزا لە دیمانەیەكیدا لەگەڵ گۆڤاری (زهرە الخلیج)دا گوتی: لە دنیادا هیچ شتێك زەحمەت نییە ئەگەر مرۆڤ بـڕوای بەهێز بێت، من خـۆم تا رادەیەكی زۆر مرۆڤێكـی ئیماندارم، بەڵام دەرفەتم بۆ نەڕەخساوە كە حیجاب بپۆشم، ئامانجی مـن ئەوەیە هونەرێك پیشـكەش بكەم كە تێیدا ریزی خۆم و خزم كەسانم و هەموو جەماوەرەكەم بگرم، زۆرم پێ سەیرە كە هەندێك كەس رێگا بە كەسوكاریان نادەن گۆرانی بڵێن، چونكە گۆرانی گوتن حەرام نییە.

# كریستینا شانازی بەتواناكانی خۆیەوە دەكات

خانمە ئەكتەری بەناوبانگی هۆڵیود كریستینا ئەگویلیرا سەرسامی و شانازی بە تواناكانی خۆی دەربڕی بەوەی توانیویەتی لەنێوان ژیانی دایكایەتی و ژیانی هونەری خۆیدا گونجانێك دروست بكات.
لەم بارەیەوە ماڵپەری كۆنتاكـت میوزیك كە تایبەتمەندە بە هەواڵی ناوداران رایگەیاند كریسـتینا كە خاوەنی كوڕێكی تەمەن ٢ ساڵە بە ناوی ماكس، بڕوای وایە لە توانایدایە لە یەك كاتدا ئەسـتێرەیەكی سینەمایی و دایك بێت هەرچەندە ئەم دوو ئەركە پێویستی بە هێزێكی زیاترە، كریستینا، هەروەها دەڵێ: پێموایە هەموو ئافرەتان ئەو هێزەیان هەیە، چونكە ئێمە سەرچاوەی ژیانین بۆ منداڵەكانمان بۆیە ئامادەین هەموو جۆرە قوربانییەك بدەین لە پێناوی ئەوەی دڵیان خۆش بێت.



# وەردە لە مێرد کردندا سەرکەوتوو نەبوو



خانمە هونەرمەندی جەزائیری رایگەیاند کەوا سەرکەوتوو نەبووە لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان، لەگەڵ ئەوەشدا کە چەند جارێك مێردی کردووە.

وەردە سەبارەت بە هاوسەرەکانی گوتی: هاوسەری یەکەمم زۆر جوان نەبوو، مێردی دووەمیش مۆسیقاری کۆچ کردوو بەلیغ حەمدی بوو کە لە سەرەتا ژیانی هاوسەرێتیدا ژیانێکی خۆشمان بەسەر برد، بەڵام من دوورتر لە شێوە و رووخسار دەڕوانم.

وەردە زیاتر گوتی: لە شەستەکانی سەدەی رابردوو بەلیغم ناسی ئەو ناسینە بووە هۆی ئەوەی یەکترمان خۆشبوێ کە ئەو کات کوڕێکی زۆر جوان بوو و وەك رۆمیۆ و جولێیت یەکترمان خۆشدەویست، لەگەڵ ئەوەیدا من دەستگیرانی دیپلۆماتێکی جەزائیری بووم، بەڵام بۆ بەلیغ وازم لێی هێنا، وەردە سەبارەت بە هاوسەرەکانیشی گوتی: من لە پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتیدا سەرکەوتوو نەبووم، چونکە باوکم رازی نەبوو روو لە هونەر وگۆرانی گوتن بکەم و تەنیا دوای ئەوەی سڵاوم لە جەمال عەبدولناسر کرد ئینجا منی بە هونەرمەند وەسف کرد.



# ئینریکی تاقەتی ژن هێنانی نییە

گۆرانیبێژی ناوداری ئەمریکی ئینریکی ئیگلیساس رایگەیاند هەرچەندە زۆر حەز لە منداڵ و جێگیر بوون دەکاتەوە، بەڵام تاقەتی ژنهێنانی نییە.

ئینریکی کە چەندین جار بە ئاشکرا رایگەیاندووە حەز لە ژنهێنان ناکات، باش درکی بەوە کردووە کە ژیان کورتە و دەیەوێ چێژلە ژیان وەربگرێت و ببێتە باوك و جێگیر بێت لە ژیاندا، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئامادە نییە بەرپرسیاریەتی ژنهێنان هەڵبگرێت بەتایبەتی کە ئێستا بە کاتێکی هەستیاری ژیانی هونەریدا تێدەپەڕێت.



# چنار: پێوەندی من و هونەرمەندان سنووردارە

***

**سەرەتای کاری هونەری چنار دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٤و یەکەم گۆرانیشی بەناوی (تەلاری عەشق)ە لە ئاوازی هونەرمەند کەمال محەمەدە، لەساڵی ٢٠٠٥ قۆناغی خوێندنی دواناوەندی تەواوکردووەو، دانیشتووی وڵاتی سویدە یانزە ساڵە لەدەرەوەی کوردستان دەژی، تاکو ئێستا خاوەنی ٥ کلیپ و بەرهەمێکە بەناوی (دڵی من)، لە پێوەندییەکدا بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

***



*** بڕیار بوو لە زنجیرە درامای (گەردەلوول) بەشداری بکەیت ئەم بابەتە بەکوێ گەیشت؟**

-بەڵێ دەنگۆی ئەوە هەبوو کە لە درامای (گەردەلوول)دا بەشداری بکەم، ماوەیەکی زۆر لەگەڵ بەڕێز جەلیل زەنگەنە وتوێژمان کرد، بەڵام دواتر گەیشتمە ئەو بڕیارەی کە بەشداری نەکەم لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستییەکی زۆرم بۆ دەرهێنەری بە توانا جەلیل زەنگەنە.

*** ڕاستە هەندێك مەرج بوونە ڕێگر لەبەردەم بەشداری نەکردنت؟**

- من وەك مەرج هیچ مەرجێکم نەبوو بەرامبەر بەشداربوونم لەو درامایە، بەڵام ئامانجی سەرەکی من تەنها سەرکەوتنی بەهێزی ئەو ڕۆڵە بوو کە دەدرا بە من وەك یەکێك لە ڕۆڵە سەرەکییەکان.

*** مەرجە سەرەکییەکانت چین بۆ بەشداری کردن لە هەر کارێکی نواندندا؟**

- من چەند جاری پێشتریش ئاماژەم بۆ ئەوە کردووە لە چاوپێکەوتنەکانی گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا کە هەرگیز پێشتر کاری نواندن خەونی من نەبووە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەموو بوارەکانی هونەر لە لام پیرۆزن، بۆیە هەر کارێکی هونەری سەرکەوتنی خۆمی تێدا ببینم و لە خزمەت هونەری نەتەوەکەماندا بێت ئەوا من بە شانازییەوە بەشداری تێدا دەکەم، تاکە مەرجی منیش بۆ بەشداری کردنم لە هەر کارێکی نواندن ئەوەیە کە باوەڕم بەوە هەبێت ئەو کارە سەرکەوتوو دەبێت و وەکو تیشکێك بەخێرایی دەچێتە ناو دڵی بینەرەوە.

*** بۆ هونەرمەند چۆنایەتی یان چەندایەتی گرنگە بۆ ئەوەی بگاتە نێو دڵی جەماوەر؟**

-بە هونەرمەند بوون بۆ خۆی کارێکی ئاسان نییە بەتایبەتی ئەگەر ئامانجی ئەوەشت هەبێ کە بگەیتە ناو دڵی جەماوەرەکەت، بەڵام بوونی کەسایەتییەکی بەهێز لە پاڵ هونەرێکی باش و بەرهەمی هونەری جوان وەك دوو هۆکاری گرنگ یەکتر بە هێز دەکەن، دەرفەتێکی باشتر دەدات بە هونەرمەند تا خۆشەویستی زۆرترین جەماوەرەکەی بۆ خۆی بە دەستبهێنی.

*** لەگەڵ بڵاوکردنەوەی بەرهەمی نوێ پێویست ناکات هونەرمەند بە ڕووخسارێکی تا ڕادەیەك نوێوە دەرکەوێت؟**

-بەڵێ گۆڕانکاری گرنگە، بگرە پێویستیشە لە ڕووخساری هونەرمەندا لە پاڵ هەر کارێکی نوێدا، بەڵام بە بڕوای من گۆڕانکارییەکان نابێ زیادەڕۆییەکی وای تێدا بکرێت کە هونەرمەندەکە تێیدا نەناسرێتەوە و ئەو کەسایەتییەی کە پێشتر لە کارەکانی تریدا پێی ناسراوە بە تەواوەتی ون نەکرێت.

***ئایا گۆرانی فۆلکلۆری دەڵێیتەوە؟**

-من زۆر حەزم لە گۆرانی فۆلکلۆرە و بۆ خۆم زۆر دەیانڵێمەوە، بەڵام وەکو ئەوەی کارێکی لەو جۆرەم وتبێتەوە و پێشکەشی گوێگرانی خۆم کردبێت تا ئێستا نەبووە، هیوادارم لە داهاتوودا کات و دەرفەتم هەبێت بۆ کار کردن و خزمەت کردنی لەو بەشەی تری هونەری گۆرانی وتندا، چونکە هونەری فۆلکلۆر بناغەی هونەری هەموو نەتەوەیەکە.

*** گۆرانییەکت بۆ منداڵان گوت سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بیر لە دووبارە کردنەوەی کارێکی لەم جۆرە ناکەیتەوە؟**

-خۆشەویستی منداڵ لە دڵی مندا بۆ هەمیشەیە بۆیە لەو رۆژەوە دڵنیابە کە ئەو کارە دووبارە دەکەمەوە و زۆر دڵخۆشم بەوەی خاوەنی ئەو بەرهەمەم بۆ منداڵان.

*** بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندیت لەگەڵ هونەرمەندان چۆنە؟**

- لە راستیدا پەیوەندی من زۆر سنووردارە لەگەڵ هونەرمەندان و ژمارەیان زۆر کەمە ئەوانەی کە من لە نزیکەوە دەیانناسم، لێرەوە سڵاوی خۆم بۆ هەموو هونەرمەندانی کورد دەنێرم.

*** شەرم بۆ هونەرمەند چی دەگەیەنێت؟**

-بوونی تۆزێك شەرم نەك تەنیا لای هونەرمەند بەڵکو لە هەموو کەسێکدا گرنگە، هەروەك چۆن ئەیڵێن ترسنۆك نەبیت، بەڵام لە هەمان کاتدا تۆزێکیش شەرم هەبێت، بێگومان منیش مەبەستم بوونی ئەو شەرمە نییە کە روومەتەکانی مرۆڤ سوور بێت، هونەری شەرم کردن لای من لەوەدایە کە وا لە مرۆڤ دەکات چۆن بەرێزەوە لەگەڵ خەڵکدا هەڵسوکەوت بکات و بە هەستی بەرامبەرەکەی رابگرێت، ئایا ئەویش بەشێك نییە لە هونەر.

*** لە زۆربەی ئاهەنگ و کلیپەکانت تێبینی بوونی قایشێك یان پارچە پەڕۆیەکی بچوك دەکرێت، نهێنی ئەمە چییە؟**

-راستە من زۆر جار قایشەکە یان پەڕۆیەکی رەش لە دەستمدا بەکاردەهێنم، ئەوە تەنیا بۆ جوانییە و لە پاڵ ئەوەشدا هەست دەکەم ئارامیم پێدەبەخشێت.

*** جگە لە هونەر کاتەکانت چۆن بەسەر دەبەی؟**

-من ئێستا لە پاڵ هونەرەکەمدا سەرقاڵی خوێندنم لە بواری زانستی کۆمەڵایەتیدا، ئەو کاتانەی تریش کە دەمینێتەوە یان وەرزش دەکەم یانیش لەگەڵ خێزانەکەم و هاورێیەکانم بەسەری دەبەم.

*** تێبینی دەکرێت چنار مکیاژی زۆر ناکات، هۆکارەکەی چییە؟**

-زۆر لە گۆڤار و رۆژنامەکان ئەو پرسیارەیان لێکردووم کە بۆ مکیاژی زۆر ناکەم، من بۆ خۆم زۆر حەزم لە مکیاژە و گرنگیشی پێدەدەم، بەلام دەشتوانم بێ مکیاژ بم، هەرچەندە مکیاژ کردنیش دەکەوێتە سەر ئەوەی کە بۆ کوێ دەچیت، هەندێك شوێن رەنگە پێویستی بە مکیاژ کردن نەکات، پاشان باوەڕیشم بەوە نییە ئەگەر مکیاژێکی تۆخ بکەیت ئیتر جوان دەردەکەویت، بەڵام ئەو رەنگانەی کە هەڵیاندەبژێرم بە زۆری کاڵن و سەر بە رەنگە ماتەکانن.

*** چ پەیامێکت هەیە بۆ جەماوەری خۆت لە کوردستان؟**

- لە کۆتاییدا پاش رێز و سڵاوم بۆ گوێگران و هەوادارانی دەنگی خۆم و خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان، دەستخۆشی لە کەناڵی کوردسات دەکەم بۆ بڵاوکردنەوەی زنجیرەی دۆبلاژکراوی (یی سان) و دەمەوێ پێیان رابگەیەنم کە من یەکێکم لە بینەرانی بەردەوامی ئەو درامایە جوانە و هەموو رۆژێك چاوەڕێی دەکەم و زۆر سوپاس بۆ گۆڤارەکەتان بۆ ئەم بەسەرکردنەوەیە.



# گورجستان و شانۆگەری ...

دیلان رەشاد - جۆرجیا
Dilan_kn@yahoo.com

چەند ساڵێکە بەشێك لە هونەرمەندانی کوردستان بە بیانووی پێ نەدانی هاوکاری لە حکومەتەوە قەیرانێکی شانۆییان درووست کردووە ئەمەش بۆتە دیاردەیەك و بەردەوام قسەوباسی لەسەر دەکرێت.

مرۆڤ ئەگەر بیەوێت کارێکی جوان پێشکەش بکات و ڕۆڵی بەرچاوی هەبێت لە نێوەندی شانۆدا زۆر ئاسانە بتوانێت ئەو دەستپێشخەرییە بکات، بە بینینی هەندێك دەقی شانۆیی و بەرهەمی نمایشکراو هەست بەوە دەکەم توانایەکی جەستەیی و فیکری لە شانۆکاری کوردیدا هەیە کەچی بیرۆکەیەك نییە بۆ ئالییەتی خۆخستنە ناو ئەو کارە گرنگە، بەوەی کە چۆن دەتوانی بینەر لەخۆت کۆبکەیەوە، ئەوەی من لێرە دەمەوێت بیورژێنم لە گەشتێکماندا دا بۆ وڵاتی جۆرجیا (گورجستان) زۆر بەراوردمان بینی لەزۆر لایەنەوە ئەگەرچی ئەم وڵاتە ڕووبەرەکەی (٦٩٧٠٠م) چوارگۆشەیە و ژمارەی دانیشتوانیشی نزیکی چوار ملیۆن مرۆڤ دەبێت جگە لەو هاووڵاتییانەی کە خەڵکی شوێنی ترن و لەوێ نیشتەجێن، زۆرێك لە کەسایەتییە مەزنەکان و خەڵکی ناودار لەو وڵاتە لە دایك بوونە ناودارترینیان ستالینی گەورە سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، هاوکات بەناوبانگترین و باشترین ئەکتەرەکان و دەرهێنەرەکانی شانۆ لە رووسیا لە وڵاتی جۆرجیا نیشتەجێن.

من لێرەدا زۆر بە وردی ناچمە ناو باسی مێژووی ئەو وڵاتە، بەڵام جگە لە سەلیقە و هونەری پەیکەرسازی لەو وڵاتە کە بە بۆچوونی من پەیکەر لای ئەوان واتای ژیانە و تاکە وڵاتە بەوشێوە جوانە و ئەو ئەندازەیە بەیەکەر بەرهەم بهێنن، کەچی شتێك کە سەرنجی ڕاکێشابم شانۆ و ئەکتەرەکانی ئەو وڵاتە بوون، چونکە لە یەکێك لە نمایشەکانی کەلتووری نەتەوەکانی ڕووسیا لە تبلیسی پایتەختی جۆرجیا لە چەند ژوورێکی بچوك ئەنجام درا کە ڕووبەرەوەکەی شیاو نەبوو بۆ نمایشێکی شانۆیی لەم چەشنە، کەچی لە ڕووی ناوەڕۆك و هەڵبژاردنی دەق و تەنانەت توانای جەستەیی و فیکری یەکێك بوو لە شاکارەکانی شانۆی دەنگ و ڕەنگ لە کاتێکدا بە توانایەکی کەم و بە بێ هاوکاری ئەملا وئەولا و حکومەت و کۆمپانیاو خەڵك و بەرپرس بە پێچەوانەوە بە ستافێکی تەکنیکی بچوك و چەند شانۆکارێکی گەنج کە لە ڕێگەی فرۆشتنی بلیتێکی ١٥ دۆلاری پێداویستی خۆیان و گرووپەکەیان پڕ دەکەنەوە، بەبێ بوونی داهاتێکی دارایی لە دەسەڵات ئەو نمایشە بە پێژەمان بینی و لە نزیکەوە توانیمان بە مێژووی نەتەوەکانی ئەو وڵاتە ئاشنا بین بەڵام جێگەی داخە کە بە پێچەوانەی لای خۆمان کە پارەیەکی ئێجگار خەیاڵی بۆ گروپەکانی شانۆیی تەرخان دەکرێت و بەردەوامیش گوێمان لە گلەیی و ڕەخنەی هەندێ شانۆکارە!! پێموایە هۆکارەکەی نەبوونی ڕوحییەتێکی هونەری و خاڵییە لە خۆشەویستی بۆ پیشەکەی کە نەتوانراوە وەکو پێویست بەرهەمی بەپێز و جەماوەری پێشکەش بکەن، بۆیە پێموایە مرۆڤ ئەگەر بیەوێت کاربکات لە بوارێك و ڕۆڵی بەرچاوی هەبێت لە گۆڕەپانەکەیدا زۆر ئاسانە و دەتوانێت بیکات، بەڵام بە مەرجێك ئەو روحییەتە هونەری و پیشەییە هەبێت لە ناخیدا و ئەوکات بە دڵنیاییەوە سەرکەوتوو دەبێت.